سامان کەریم لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئۆکتۆبەر:

# "خاڵی هاوبەشی ئەم دوو بزووتنەوەیە کە 21 ساڵیان بەینە، نیشاندانی وەستانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردە لەبەرانبەر ئیرادەو خواستو ویستی خوێندکارانو خەڵکی کوردستاندا"

## لەیادی 21 ساڵەی مانگرتنو خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی کوردستاندا

سامان کەریم (محمد عبدالرحمان)- ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب، یەکێك لە ڕابەرانی ئەسڵی بزوتنەوەی خوێندکارانی ساڵی 1984 بوو لە زانکۆی موصل. بەم بۆنەوەو لەگەڵ نزیك بونەوەی یادی 21 ساڵەی ئەم بزوتنەوە درەخشانەی خویندکاران لەسایەی دەسەڵاتی ڕەشی حکومەتی بەعسدا، بە پێویستمان زانی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا ساز بکەین، بەتایبەت کە لەئێستادا خویندکارانی زانکۆکانی سلێمانیو هەولێر لەجەرگەی هەلومەرجێکی تازەو بۆ خواستێکی جیاوازو لەسایەی دەسەلاتدارێتی "کورد"دا دەستیان داوەتە مانگرتنو خۆپیشاندان، کە ئەم ڕوداوەش لە گرنگی ئەم چاوپێکەوتنە دەباتە سەرەوە، سەبارەت بە دەرسو تەجروبەکانی ئەو بزوتنەوەیەو گواستنەوەی بۆ بزووتنەوەی ئەمڕۆی خویندکاران. **ئۆکتۆبەر**

**ئۆکتۆبەر: هاوڕێ سامان کەریم، ئێوە یەکێك بون لە ڕابەرانو ڕیکخەرانی بزوتنەوەی خوێندکارانی ساڵی 1984 لە زانکۆی موصل، لەسەرەتاوە بەپێویستی دەزانین کە باسێکی کورت سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی ئەو مانگرتنو خۆپیشاندانانەی ئەو کاتە بۆ خوینەرانی ئۆکتۆبەر، بکەیت؟**

سامان کەریم: من سوپاستان دەکەمو بە پێویستی دەزانم کە ئاماژە بە خالێك بکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەم بزوتنەوەیە زۆر گرنگ بوو، بەتایبەت کە ئەبعادەکانی زۆر زیاتر بوە لەوەی تەنها کاریگەری هەبیت لەسەر خوێندکارانو ڕێکخراوکردنی بزوتنەوەکەیان.

پێش خوێندکارانی زانکۆی موصل خویندکارانی زانکۆی هەولێر دەستیان دابوە مانگرتن، کە خواستی سەرەکی ئەوکات ڕەفزکردنی "جیشی شعبی"بو واتە نەچون بۆ "جیشی شەعبی" لە پشووی هاوینەدا، کە دواتر هەندێ خواستی تریشی خرایە سەر لە پەیوەند بە زیادکردنی پارەی مانگانەو سەرفکردنی ڕیگای هاتووچۆو دژ بە بەعسیکردنی خویندکارانو... ئێمەش ئەوکات کە حیزبێك یان تەنانەت ڕیکخراوێکمان نەبوو، بەلام وەك ژمارەیەکی زۆر لە کۆمۆنیستەکانی زانکۆی موصل کەوتینە گفتوگۆو باسکردن لەسەر ئەوەی چۆن هاوپشتی لە بزوتنەوەی خویندکارانی زانکۆی هەولێر بکەینو داواکاریەکانی خۆشمان بەرزبکەینەوە. دیارە ئەوکات لە نێو خویندکاراندا دوو جۆر بۆچۆن هەبوو یەکێکیان ئەوەبوو کە زیاتر نوێنەرایەتی بۆچونی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی دەکرد، کە ئەوکات دانوسانی هەبوو لەگەڵ حکومەتی بەعسدا، ئەم بوچونە خواستی ئەوەی هەبوو کە ئێمە لە زانکۆی موصل تەنها یەك ڕۆژ مان بگرین بۆ هاوپشتیکردنی خوێندکارانی زانکۆی هەولێر، بۆچونێکی تریش ئێمەبووین کە پێمان وابوو تەنها هاوپشتیکردنی خوێندکارانی زانکۆی هەولێر کافی نیەو ئیمەش وەکو خویندکار داواو خواستی خۆمان هەیە بە تایبەت کە "جەیشی شەعبی" هەموو خویندکارانی دەگرتەوەو بە دیاریکراویش حکومەتی بەعس سیاسەتی ئابلوقەدانی خوێندکارانی کوردستانی گرتبوە بەر، بەنەخشەی دابەشکردنی جوگرافیایی کاری دەکردو بەم پێیەش زۆربەی زۆری خویندکارانی شارەکانی کوردستان لەسالانی 1982 بەسەرەوە ڕەوانەی زانکۆی موصل دەکران دژ بە ویستی خۆیان، کە بە واقعیش ئەم شارە پایەگایەکی بەهێزی ڕژێمی بەعس بوو. بۆیە بۆ ئێمە ئەو مەسەلەیە زۆر جدی بوو کە لە قەلایەکی گرنگی خۆیدا لوتی ئەم حکومەتە هارە بشکێنین. لەزانکۆی موصل بۆچونی ئێمە بەتەواوی برەوی پەیدا کردوو لە ماوەیەکی کورتدا بوو بە بۆچونی باو لە

نێو خوێندکاراندا، کار گەیشتە ئاستێك کە خوێندکارانی زانکۆی بەگشتی وەکو چەپو کۆمۆنیست دەناسران لە نێو خەڵكو بەتایبەت لای هێزە ئۆپۆزیسیۆنە کوردو عێراقیەکان کە ئەوکات لەشاخو وولآتانی دەوروبەر بوون.

ئێمە بەشێوەیەکی زۆر نهێنی دەستمان کرد بە کارەکانمانو لە ڕاستیدا حەلقەی یەکەمی ڕێکخەرو ڕێنوێنیکاری بزوتنەوەکە تەنها سێ کەس بوین من محمد عبدالرحمنو رحمان داودو صلاح میرزا، کە دوانمان لە کۆلیجی ئەندازیاری بوینو یەکێکی تریش لە کۆلێجی ئابوری بوو. هەموو تەوجیهاتو بریاریك لێرەوە تاووتوێ دەکراو بلاو دەبوەوە. لەباری هەیکەلەی ریکخراوەیی بزوتنەوەکەشەوە ئێمە هاتین لێژەکانی ڕابەری کۆلیجو بەشەکانمان پێکهێنا، کە لێژنەی هەر کۆلێجیك بەبێ ئەوەی پەیوەندی ئاسۆیی هەبیت لەگەل یەکتریدا، ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەل ئێمە دەکردو ئەویش بەدەوری خۆی پەیوەندی بە لێژنەی بەشەکانەوە دەکرد. پاش چەند ڕۆژێك لەکاری چڕوپڕ بڕیارمان دا مانگرتن لە نیو گۆڕەپانی گەورەی زانکۆی موصلدا دەست پێبکەین ئەوەبوو 3سێ ڕۆژ لەسەریەك دەستمان بە مانگرتن کرد لە کاتژمێر 8ی بەیانیەوە تاکو 12ی نیوەڕۆ، بەشێوەی دانیشتن لە تەنیشت یەکەوە زیاتر لە 2000 دوو هەزار خویندکار بەشداریکرد لەو مانگرتنانەدا، کە بەتەواوی نەك تەنها فەزای زانکۆی گۆڕی بوو بۆ دیاردەیەکی تازەو گرنگ بەڵکو فەزای نێو شاری موصلی بەتەواوی گۆڕی بوو وە حکومەتی بەعس تەواوی دەوروبەری زانکۆی بە تانكو مودەرەعەو سوپا گرتبوو، ناو زانکۆشی پڕ کردبوو لە سیخورەکانی ئەمنو موخابەراتو ئیستخباراتی عەسکەری، کە بەشێوەی جیاواز ئێمەیان ئیستفزاز دەکرد بۆئەوەی بیانویەك لە خویندکارێك بدۆزنەوە لەریزی مانگرتنەکەداو بیقۆزنەوە بۆ پەلاماردانمان، بەلام ئاستی ڕیکخراوبوونی بالآی مانگرتنەکە ڕیگەی لەوە گرت کە شتی وا ڕوبدات. مانگرتنەکە بەشێوەیەك کاریگەری خستبوە سەر ڕیزەکانی حکومەتی بەعس، کە سەرۆکی گشتی یەکیتی قوتابیانو لاوانی موصل بە بەرچاوی ئەو هەموو خویندکارو سیخورەوە دەمانچەی دەرهیناو خستیە سەر سەری خۆی وتی پیم بلێن چیتان دەویتو لەم شارەدا لەسالی 1963و حەرەکەی شەوافەوە شتی وا ڕوینەداوە، وەرن کەسێك با دەمانچەکە لەسەر سەرم ڕابگرێت تاکو نوێنەرانی ئیوە دەگەڕێتەوە، ئەمە قسەکانی بوو، چونکە ئێمە خواستێکمان ئەوەبوو کە سەرۆکی زانکۆ خۆی بێت بۆ لامانو بپرسێت لە داواکاریەکانمان. ڕۆژی سێهەم زۆربەی بەرپرسە گەورەکانی حکومەتی بەعس لە شاری موصل لە بەریوەبەری دەزگای ئەمنو بەرپرسی لقی بەعسو سەرۆکی یەکێتی لاوانو قوتابیان هاتنە لامانو تیان چیتان دەوێتو دەمانەوی نوینەرانی ئیوە ببینین. ڕۆژی سێهەم ئێمە لە بەردەم کۆلیجی پەروەردە کۆبوبوینەوەو مانگرتنەکەمان درێژە پیدا، بۆیە لەوی لەگەل تەواوی خویندکاراندا، داواکاریەکانمان نوسیو خویندمانەوەو بە تەئیدی خویندکاران گەیشت پاشان بۆ هەڵبژاردنی نوینەرانو چاوپێکەوتن لەگەل بەرپرسانی بەعسو زانکۆدا، کە ئەوانیش هەمویان ئەندامی لقو شوعبەکانی بەعس بون، بەشێوەیەکی زۆر ئازادانەو لەرێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆوە 7 نوینەرامان هەلبژارد، کە 5 یان چەپ بوون. پاشان هەر حەوت کەسەکە چوینە ژوری سەرۆکی زانکۆی موصلو قسەو باسەکانمان دەستپیکرد لە پەیوەند بەوەی کە ئیمە "جەیشی شەعبی" ناکەینو خواستەکانی تریش دیارە وەکو وتم تەرکیزی ئیمە لەسەر نەکردنی "جەیشتی شەعبی"بوو، پاش ماوەیەك لەقسەکردن خواستەکانی ئیمەیان رەفز کرد. ئیمە هاتینەوەو بە خویندکارانمان ڕاگەیاند کە چاوەڕوانی ئێمەیان دەکرد، کە ئەوان داواکانی ئێمەیان رەفز کردوەو بۆیە هەر لەویداو بە بەرچاوی سیخوارانو ژمارەیەکی زۆری خویندکارانی ترەوە کە لەدەرەوەی مانگرتنە بون، بەپێی بڕیاری زۆربەو لە ڕێگای دەست هەڵبڕینەوە بریارماندا کە زانکۆ بەجێبهێلینو بگەڕێینەوە بۆ شارەکانی خۆمان. ئەمە هەنگاوی یەکەمی بزوتنەوەی ئێمەبوو.

**ئۆکتۆبەر: ئێوە کە لە لایەن خویندکارانەوە بڕیاردرا بگەڕینەوە بۆ شارەکانی خۆتان، هیچ بڕیاریکتان هەبوو، بۆ ئەوەی کـە درێژە بدەن بە مانگرتن و خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران، یان هەر بەوە رازی بون و پیتان وابوو ئـەو مانگرتنـەو چـۆلکردنی زانکۆ دەبێتە هۆی دابینکردنی خواستەکانتان؟!**

سامان کەریم: ئێمە پێ بـەپێی گەشـەی بزوتنەوەکـەو ئامـادەیی خوینـدکاران‌و توانایمـان بـۆ ڕیکخراوکردنـی خوێنـدکاران‌و هەڵسەنگاندنی هیز هاوسەنگی بزوتنەکەو مەودای سۆزو هاوپشتی خەلك لەم بزوتنەوەیە نەخشەکەمان دەبردە پێشەوە. هـەر بـەم پێیە ئێمە بڕیاری ئەوەمان دابوو کە درێژە بەم مانگرتن‌و خۆپیشاندانە بدەین، بەلاّم دیارە بە شـێوازیکی تـر، چـونکە بـۆ ئیمـە ڕۆشن بوو کە خویندکارانی زانکۆی هەولیرو پەیمانگای کەرکوك هەمان خواستیان هەیەو پێویستە هاوئاهەنگیـەك بکـەین. بۆیـە ئێمە هەر لە ڕیگا وەکو جەمعی سەرپەرشتی زانکۆی موصل هەر هەمان 3 کەس کە لەسەرەتاوە باسم کـرد لـە شـاری کـەرکوك کۆبوینەوەو نەخشەیەکمان دانا بۆ هەنگاوی دووەم‌و پاشان جیابوینەوەو هەریەکەمان چوینەوە بۆ شاری خۆمان. لەشاری سـلێمانی کە ناوەندی ئەم بزوتنەوەی لە خۆ گرتبوو، وە چەندین خۆپیشاندانی گەورەی لەو ڕۆژانەدا بەخۆوە بینـی‌و لـە هاوپـشتی گـەورەی جەماوەری شارەکە بەهرەمەند بوین‌و بەتایبەت لاوان کە لە زۆربەی زۆری شەقام‌و کۆلانەکانی شاردا ڕیگاکانیان گرتبوو بە بـەردو نەیان دەهێشت ئۆتۆمۆبیل بڕوات، مەگەر شوناسنامەی خویندکاری زانکۆ تێدابوایە یان بیان ناسیایە، یان ئەگەر داواکەیان رەفـز بکرایە ئەوە بەرد باران دەکرایت. وەکو زانکۆی موصل دەستمانکرد بە پرۆسەی دووەمی کارەکانمان کە ئەویش هاوئاهەنگی کردن بوو لەگەل پەیمانگای کەرکوك‌و زانکۆی هەولیرو هەروەها، هاندانی خویندکاران‌و بەرز ڕاگرتنی ورەیان، کە ئەم خالّەیان زۆر گرنگ بوو بەتایبەت کە ئیزگەی یەکێتی نیشتمانی دەستیکردبوو بەوەی کە هانی خویندکاران بدات بگەڕێنەوە بـۆ زانکـۆ بـەبێ ئـەوەی وەلامی یەك خواستی خوێندکاران درابێتەوەو تەنانـەت بـەبێ ئـەوەی خۆشـیان هیـچیان دەسـتکەوتبێت لـە دانوسـانیان لەگـەل حکومەتی بەعس. بیمکاناتی ئیمە لەباری ڕاگەیاندنەوە زوعفیکی گەورەی پیکهێنابوو، بەم پێیە ئەرکەکانی ئێمە گـرانتر بـوون، هەر بۆیە چەندین شوینمان دانا لە سلێمانی کە کەسی ئیمەی لێ بیت‌و بەردەوام لە بەیانیەوە تاکو ئیوارەو شەوانیش لە نیو کـۆڕو کۆمەلی خویندکاراندا، هەستێ بە بەرزکردنەوەی روحیەتی خویندکاران‌و بەردەوام بون لەسـەر مـانگرتن‌و خۆپیـشاندان‌و سـوربون لەسەر خواستەکانمان. وە پێویست بوو خالێکی تـریش زیـاد بکـەین بـە نەخـشەکەمان ئـەویش بینینـی سـەرکردایەتی یـەکێتی نیشتمانی بوو لە سورداش، لەهەمانکاتیشدا من دانرابوم‌و هەلبژێردرابوم بـۆ ئـەوەی کـاری هاوئاهـەنگکردن لەگـەل پـەیمانگای کەرکوك‌و زانکۆی هەولیر ریکبخەم، هەر زوو هاوئاهەنگیمان کرد لەگەل پەیمانگای کەرکوکدا ئەوکات سامان ئەحمەدم ناسینی کە یەکیك بوو لە نوینەرانی پەیمانگاو ئێستا ئەندامی کۆمیتەی سویدی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عێراقە، لەگەل کەسێکی تـری چەپدا، کە ئێستا نازانم چیدەکات. لەم ماوەیەدا من‌و دوو کەسی تر دانراین کە بچینە سورداش‌و سەرکردایەتی یـەکیتی ببیـنین‌و لەمبارەوە قسەوباسیان لەگەل بکەین بەتایبەت مەسەلەی تەبلیغاتی رادیۆکەیان. کە چوینە سورداش یەکەم کەس کە توشـمان بـو یان هات بەرەو پیرمان "شەهید ئازاد گەرمیانی" بوو ڕاستەوخۆ وتی " ها ئیوە موصـلن" پاشـان بەشـێوەیەکی رەسمـی لەگـەل فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکیتی نیشتمانی دانیشتین‌و گفتوگۆیەکی نیـو سـەعاتیمان بـوو، دیـاربوو کـە ئەوان مەسەلەی خویندکاران‌و خواسـتی خوینـدکاران بۆئـەوان گـرنگ نییـە. ئـەو مـانگرتن‌و خۆپیـشاندانانە بـۆ ئـەوان تـەنها بەکارهێنانی بوو وەك وەرەقەیەکی سیاسی بۆ دانوسان لەگەل حکومەتی بەعس، دیارە ئیمە بەڕۆشنی ئەوەمان دەزانی‌و بۆیە بـەو عەقلیەتەوە دەستمان کرد بە گفتووگـۆ لەگەلیـدا، پـاش ماوەیـەك لـە وەلامـی قـسەوباسی ئیمـەدا وتـی "مەسـەلەکەی ئێـوە بەستراوەتەوە بە مەسەلەی کوردەوە" من ئەم خالّەم لێوەرگرتوەو وتم وایە، کەواتە تـا مەسـەلەی کـورد چارەسـەر نـەبیت، ئـەوە ئیمەش بەردەوام دەبین، لەم کاتەدا بوو سکرتیری گشتی یەکیتی نیشتمانی بەهلیکۆپتەر لـە بەغـداوە گەرایـەوە بۆیـە فەرەیـدون

عبدالقادر به داوی لیبوردنەوە هەستاو وتی پێویستە بچم پێشوازی لێبکەمو ئیمەی بەجێهێشتو پێشنیاریکی کرد، کە ئێمە لەگەل یەکیك دابنیشین ناوی کەسەکەشی هێنا لە زانکۆی هەولیر بۆ هاوئاهەنگی کارەکانو بەجێی هێشتین. بەلاّم کاك فەرەیدون وەفادارنەبوو بەو قسەی خۆی، جا نازانم لەدواتردا باسیان کردوەو زانیوانانە بە قازانجیان نیە، یان وەکو زۆر مەوردیتر هەلنەستان بە جێبەجێکردنی وەعدەو قسەکانیان. چونکە بۆ من ڕۆشن بوو کە دانوسان بەهیچ جێگەیەك ناگات، بۆیە ئەو قسەیە بۆ ئیمە مانای درێژەدان بوو بە خۆپیشاندانو مانگرتن. بەم پێیە روداوەکان خیرا دەچونە پێشەوەو فریای ئەوە نەکەوتین کە هاوئاهەنگییەك بکەین لە ئاستی رابەرایەتی خویندکارانی هەرسێ زانکۆی هەولیرو موصلو کەرکوکدا.

**ئۆکتۆبەر: سەرەنجام بزوتنەوەکە بەرەو کوێ رۆیشت؟**

سامان کەریم: لەراستیدا ئیزگەی یەکێتی بەدوای قسەکەی کاك فەرەیدوندا، دەبوایە وازی لەو تەبلیغاتانە بهێنایە، بەلام بە پێچەوانەوە توندتری کردەوەو لە کۆبونەوەیەکی تری سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە گەل ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاراندا، دکتۆر فواد مەعصوم لە وەلامی پرسیاری خوێندکاراندا وتبووی کە " بچن بۆ جەیشی شەعبی، بەلام لەجیاتی ئەوەی بلێن بژی بەعس بلێن بژی شعب". بۆیە دەلێم وازیان لەو قسانە بهێنایە، چونکە مەسەلەی کورد کە خۆی باسی کرد نەك بەهیچ کوێ نەگەیشتبوو، بەلکو خۆشیان بێ ئۆمید بو بون کە بگەنە شتیك لەگەل حکومەتی بەعس. کاری ئێمە زۆر قورستر بوو، ئیمە بەردەوام بوین لەکارەکانی خۆمان بەپێی نەخشەکە، بەلام تاقیکردنەوەکانی سەری سالّ نزیك بوبوەوە، کە هەستمان کرد ژمارەیەکی کەم خویندکار ئامادەن بەردەوام بن، بۆیە ئیمەش بڕیارماندا بگەرێینەوە، منو هاوڕیەکی ترم ئاخر کەسی خویندکاران بوین کە گەڕاینەوەو دوو تاقیکردنەوەشم لەدەستدا. بەم پێیە بزوتنەوەکە بە کۆتایی خۆی گەیشت، بەبێی ئەوەی خواستەکانی فەرز بکات بەسەر حکومەتی بەعسدا، بەلاّم فەزای کۆمەلگای کوردستانی بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕیبوو، وە ئومێدکی خەباتکارانەی دایە دەست خەلك. دیارە لەم نیوەدا یەکێتی نیشتمانی رۆلی هەبوو لە بە شکست کێشانی بزوتنەوەکەو بەجیگەیاندنی ئەو خواستە بەرحەقانەی خویندکاراندا.

**ئۆکتۆبەر: دەرسو تەجروبەکانی ئەم حەرەکەتەی خوێندکاران چی بوو و چی دەستکەوتیکی هەبوو، خۆتان وەکو کەسێك چۆن درێژەتان بە خویندن دا؟!**

سامان کەریم: ئەوەندەی بگەرێتەوە بۆ دەرسو تەجروبەکان، پیم وابێت گرنگترین دەرس ئەوەیە، کە ئەگەر جەماوەر یان توێژێکی دیاریکراو ئیرادە بگرێت دەکریت لەسایەی رەشترین دیکتاتۆریشدا، خۆپیشاندانو مانگرتنو ریکخراوبون پراتیك بکریت، ئەمە دەرسیکی گەورەبوو وە چاوی خەلکی کردەوە، چونکە ئێمە لەسایەی دەسەلاتێکی هێجگار ڕەشو خوێن مژدا ئەو بزوتنەوە گەورەیەمان ڕابەریو ڕیکخراوکرد، لەسایەی حکومەتێکدا ئەو کارە جەماوەریە عەزیمەمان پراتیك کرد کە دواتر پرۆسەی ئەنفالو کیمیا بارانی هەلەبجەی کرد، وە لەهەمان کاتداو لەجەنگی بەرانبەر ئیراندا چەندین جۆر چەکی کیمیایی بەکاردەهێنا، ئیرادە گرتنی ئینسان لەبەرانبەر خواستو داوا بەرحەقەکانیو هەولّدان بۆ کۆکردنەوەو ڕیکخراوکردنی جەماوەر بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە، نوسینەوەی مێژویەکی نوێیە، ئێمەش لەوکاتەدا ئەوەندەی توانمان هەبوو لەمبارەوە دریغیمان نەکرد. لەلایەکی ترەوە ڕاکێشانی هاوپشتیو سۆزی جەماوەرو بەشو توێژەجیاوازەکانی دەرسێکی هێجگار گرنگ بوو، کە ئیمە لە ڕیگای نەخشەیەکی دروستو بەو بێ ئیمکانیاتەی ئەو کاتەوە توانیمان رایەلو پۆی گونجاو پیك بهێنینن لەگەلّ بەشەکانی تری خویندنو کرێکاراندا، بەتایبەت کە خواستی خویندکارانو باشترکردنی هەلومەرجی خوێندن خواستێکی گرنگی خەلكو کرێکارانیشە، لەلایەکی

تریشەوە بۆ خوێندکاران ڕۆشن بوەوە کە ناسیونالیزمی کورد کە ئەوکات یەکیتی نیشتمانی هێزە ئەصلیەکەی بوو، خواستو ویستی خویندکارانی بۆ گرنگ نیەو بەرانبەری دەوەستێتەوە، مەسەلەیەکی تر ئەوەبوو کە ئێمە بەتەواوی فەزای شارەکانی موصلو سلێمانیو کەرکوکو هەولێرمان گوریبوو، ئەوکات بەشێوەی خۆپیشانداناو مانگرتن، کە ئەمە دەرسێکی گەورەیە. وە سەرەرای لیڤڵی چونە خوارەوەی چەپو کۆمۆنیزمی نەوعی روسیو بەگشتی کۆمۆنیزم لە ئاستی جیهانیدا، لەکوردستان ئەم حەرەکەتە تا ڕادەیەك چەپی بەهیز کردو لەیەکتری نزیك کردنەوەو کەسایەتیەکانی ناسراوترکرد. لە لایەکی تریشەوە مەسەلەیەك کەمن خۆم هەمیشە لێیّ دەترسام کە زیندانی کردنو ڕاونان بوو لەلایەن حکومەتی بەعسەوە، بە حوکمی، ڕابەرایەتی ئەو بزوتنەوەیەو ئیعتباریك کە ئیمە پەیدامان کردبوو، هەمیشە لە فەزایەکی کۆمەلایەتی فراوان بەهرەمەند بوینو لە نێو خویندکارانو بەشیکی فراوان لەخەڵك بەتایبەت بۆ حەشاردانی خۆمان لە شوینی نهێنیو تەنانەت هێنانی زانیاری پێویست لە نیو یەکێتی قوتابیانی بەعسەوە لەنیو زانکۆداو، پێم وابێت ئەو فەزایە کۆمەکی کرد کە حکومەتی بەعس لایەنی کەمو بەشێوەیەکی کاتی دەست بۆ کاری وانەبات، پاشان لە ڕوداوێکی تردا لەشاری سلێمانی لەساڵی 1985 بەهۆی ئەوەی کە ئیستخباراتی عەسکەری هاتە سەرماڵمان،و بە ریگای صدفە رزگارمان بوو، من ئیتر بە تەواوی زانکۆم بە جێهێشتو نەمتوانی زانکۆ تەواو بکەم، ئیتر بە قاچاغی مامەوە، تاکو کاتی ڕاپەرینو لە نێو شارەکانی سلێمانیو کەرکوکو هەلەبجەو جار بەجار موصلو بەغدا بەشیوەیەکی قاچاخ ژیانم بەسەر دەبردو خەریکی کاری سیاسی بوم لەوانە یەکیك بوم لە پێکهێنەرانی ڕیکخراوی دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا لەگەل خەسرەو سایەو حەیدەر هیدایەتدا، بەتایبەت کە لەسالی 1990یشدا پیش جەنگی عیراق کویت، بۆ جاری دووەم حوکمی گرتنم دەرچووەوە لەلایەن دەزگای ئەمنی سلیمانیەوە، دوای ئەوە ئیتر بە تەواوی ژیانم لە قالب درا بۆ ماوەی 6 مانگ لە گەرەکی مەجید بەگ لە ژیانێکی سەختدا تا ڕاپەرینو پیکهێنانی کۆمیتە شۆرشگێرەکانو هەلکوتانە سەر دەزگاکانی بەعس، درێژەی کێشا.

**ئۆکتۆبەر: ئێستا لەکوردستان لە هەردوو زانکۆی سلێمانیو هەولیر، مانگرتن هەیەو تا ئێستا درێژەی هەیە، کە لەسەرەتاوە لە شاری سلیمانیو لەبەرانبەر کردنەوەی زانکۆی ئەهلی ئایندەدا دەستیپێکردو پاشان لە هاوپشتی خویندکارانی زانکۆی هەولێر بەهرەمەندبوون لەمبارەوە ئێوە چی دەلێن؟!**

سامان کەریم: لەسەرتاوە پێویستە بلێم من هاوپشتی خۆمو کۆمیتەی ڕابەری ڕیکخراوی کوردستانی حیزب، بۆ ئەم بزوتنەوەیەی خویندکاران ڕادەگەیەنم. پیم وابیت تا ئێستا خویندکاران دەستکەوتی ئیجابیان بەدەستهێناوە، کە گرنگترینیان ئەوەیە، کە توانیویانە بە دەسەلاتداران ڕابگەیەنن کە ڕیگا نادەین زانستو ئاستی زانیاری بە پارەو پولو ئیعتباری پۆستی حیزبیو حکومیەوە ببەسترێتەوە، بۆیە مەسەلەکە کردنەوەی زانکۆی ئەهلی نیە بە ستانداردی زانستی گونجاوەوە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە کە لە زانکۆی ئایندەدا زانست گالتەی پیکراوەو ریسوا کراوە، بە پارەو پولو پۆستی حیزبی مامەلەی لەگەڵکراوەو ئەمە جێگای ناڕەزایەتی خوێندکارانەو لەم بارەوە بەتەواوی حەقی خۆیانە. بەجیا لەم خواستە چەند خواستیکی تری بەرحەقی وەکو زیادکردنی هۆلەکانی خویندنو کافتریاو خواستی لەم بابەتە بەرزکراوەتەوە کە خواستی بەرحەقنو دەربڕینە بۆ باشترکردنی هەلومەرجی خویندن لە زانکۆدا. بەلاّم من پیم وابیت یەکێك لە لاوازیە گەورەکانی ئەم بزوتنەوەیە ئەوەیە، کە تا ئێستا بەشێوەیەکی ڕۆشنو ئاشکرا ڕیکخراونی خۆیان ڕانەگەیاندوە، ریکخراویك کە تەعبیر بیت لە خواستو ویستی خۆیان، ڕیکخراویك کە بتوانێت چاودیر بیت بەسەر پاراستنی دەستکەوتەکانیانو بەندەکانی هەر ڕیکەوتننامەیەك کە ممکنە بکرێت لەگەل زانکۆ یان دەسەلاتداراندا، من پیم وابیت ئەمە لاوازی جدی ئەم بزوتنەوەیە تا ئێستا، ئەم کارە هەر ئێستا مومکنە بۆ

خوێندکارانو بە ڕێگای جۆراوجۆر دەکرێت پراتیکی بکەن، کە دیارە هەموو شێوەکانی شێوەی ئاشکرانو باشترین ڕیگای ئەوەیە کە لە کۆبونەوەیەکی گشتی خوێندکاراندا ڕابگەیەنرێت، کە ئەم کۆبونەوانە ڕۆژانە لە نیو خویندکارانی مانگرتودا بۆتە حاڵەتی ئاسایی. هەروەها خویندکاران وەکو توێژێکی گرنگی کۆمەلگای کوردستان ئەو نەوەیەن کە کاروباری کۆمەلایەتیو بەرهەمهێنانو بەریوەبردنی کۆمەڵگا لە ئایندەیەکی نزیکدا لە سەر شانی ئەمان دەچەرخێتو لە هەمانکاتیشدا ژیانو گوزەرانی خویندکارانو دابینکردنی پێداویستیەکانیان، ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە ژیانو گوزەرانی خیزانەکانیانەوە، ئەم خاڵە بەگشتی لە پەیوەندییەکی بەهێزدا خوێندکار بەکۆمەڵگا دەبەستێتەوە، بۆیە خواستو دواکارییە سیاسیو مەدەنیو فەردییەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەندە بە خویندکارانەوە بەتایبەت کە خوێندکار بەشی زۆربەی لاوان لە کۆمەڵگادا پێکدەهێنن، بۆیە خواستەکانی وەك جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتو پەروەردەو خویندن، یان یەکسانی ژنو پیاو، یان دابینکردنی مافەکانی ژنان بە بروای من لە جوملەی ئەو داواکارییە گرنگانەن کە پێویستە خویندکاران بیکەنە سەرلەوحەی خواستەکانی خۆیان. بەلام هەروەك وتم ڕیکخراوبونی خۆیان هەنگاوی یەکەمە لەراستای چونە پێشەوەو جیبەجێکردنی ئەم داواکاریانەدا. پێم وایە، پێویستە خویندکاران هەوڵ بدەن لە ڕیگای ناردنی لیژنەکانی خۆیانەوە پەیوەندی بکەن بە بەشە جیاوازەکانی خویندنەوە، لە پەیمانگاکانەوە بگرە تاکو ئامادەییەکانو کۆلێجەکانی تریشن بۆ ڕاکێشانی هاوپشتیو سەراسەریکردنەوەی خواستەکانیانو گۆرینی فەزای شار بە شێوەی جۆاوجۆرو لەوانە هەڵوسانینی لافتە یان پۆستەر بەناوی خویندکارانی مانگرتوەوە، یان ناوێك کە خۆیان هەڵیدەبژێرن. خالێك کە گرنگە ئاماژەی پێکەم ئەوەیە، ئەوکات پیش21 ساڵ یەکێتی نیشتمانی خویندکارانو بزوتنەوەکەیانی بەکارهێنا لەپێناو دانوسانی خۆیدا لەگەل حکومەتی بەعسداو خوێندکارانی ڕەوانەی زانکۆ کردەوە بەبێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکیان هەبیت، ئەمڕۆ لەسایەی دەسەلاتداریێتی خۆیداو لە ژێر تەپوتۆزو هەرای ئازادیو دیموکراسیدا تەقە لە خوێندکاران دەکات، خاڵی هاوبەشی ئەم دوو بزوتنەوەیە کە 21 ساڵیان بەینە، نیشاندانی وەستانەوەی ناسیونالیزمی کوردە لەبەرانبەر ئیرادەو خواستو ویستی خوێندکارانو خەڵکی کوردستاندا. لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتن بۆ خوێندکاران دەخوازم.